# تێڕامان: زەریف، پێشەنگە لە هەوڵەکانی بۆ گەڕاندنەوەی سەرۆکایەتیی ئێران بۆ ڕیفۆرمخوازان

## نووسەر: امواج.میدیا

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** پێنووس

حەسەن ڕۆحانی، سەرۆککۆماری پێشووی میانڕەو (٢٠١٣-٢٠٢١) ڕەخنەی لە هەندێک لە توندڕەوەکان گرتووە کە لە دیبەیت یاخود مشتومڕەکانی ئەم دواییەی سەرۆکایەتیدا هێرشیان کردووەتە سەر سیاسەتەکانی. هەروەها محەمەد جەواد زەریف، دیپلۆماتکاری باڵای ڕۆحانی، بە بەرگریی ئاگرینانەی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی، بووەتە جێگەی سەرسوڕمان. هەرچەندە ئەم لێدوانانە لەلایەن لایەنگرانی ڕیفۆرمخوازییەوە پشتیوانییان لێ کراوە، بەڵام توندڕەوەکان و نەریتخوازەکانی زۆر تووڕە کردووە.

گەڕانەوەی زەریف بۆ سیاسەت بۆ پشتیوانیکردن لە تاکە کاندیدی ڕیفۆرمخواز، بەئاشکرا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەڕوونی دەزانێت کە ڕەنگە هەڵبژاردنی ٢٨-٦-٢٠٢٤ دوا دەرفەت بێت بۆ پڕۆژەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران.

**ڕووماڵی هەواڵ:** نووسینگەی ڕۆحانی، لە بەیاننامەیەکدا، بەشێک لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتیی تۆمەتبار کرد، بەوەی کە لە ماوەی سەرۆکایەتیی کۆماریدا بە "بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان" سیاسەتەکانی ئەویان کردۆتە ئامانج. لەم بەیاننامەیەدا داوا لە بەرپرسی تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی (صداوسیما) کراوە کە دەرفەتێک بۆ ڕۆحانی یان یەکێک لە نوێنەرانی لە تەلەڤزیۆن بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی "وەڵامی ئەو گومان و بوختانانە" بداتەوە.



**سەرۆککۆمارەکانی ئێران**

زەریف کە لە ١٨ی حوزەیران لە گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنیدا وەک ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی پزیشکیان دەرکەوت، لە وتەیەکی پڕسۆز و گەرموگوڕدا، ڕوونتر وەڵامی ئەم تۆمەتبارکردنانەی دایەوە. زەریف بەرگریی لە پێشینەی ئابووریی ڕۆحانی کرد و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو باشتربوونانەی لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی (٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٤) هەستیان پێ کراوە، دەرەنجامی سیاسەتەکانی ڕۆحانی بووە.

وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران ڕای گەیاند کە ئەوە جۆ بایدن، سەرۆکی ئەمریکا بوو کە "سیاسەتەکەی شلکردنەوەی سزاکان بوو" و ڕێژەی فرۆشتنی نەوتی ئێرانی بەرز کردەوە. ئاماژەی زەریف بۆ جێبەجێکردنی سووکتری سزاکان بوو. شایانی باسە سەعید جەلیلی، کاندیدی توندڕەوی سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران، لە 11ی حوزەیران بانگەشەی ئەوەی کرد کە حکوومەتی سەرۆککۆمار ڕەئیسی سەرەڕای گەمارۆکانی ئەمریکا، نەوتی زیاتری فرۆشتووە و ڕای گەیاندووە کە پێشنیارەکانی "حکوومەتی سێبەرەکەی" ڕێگەی بۆ ئەم کارە خۆش کردووە.


زەریف هەروەها بەرگریی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان کرد – کە خۆی دانوستانی لەسەر کردبوو. ئەم ڕێککەوتنە بەفەرمی بە پلانی کاری گشتگیری هاوبەش (JCPOA/بەرجام) ناسراوە.

لە دیبەیتی تەلەڤزیۆنیی سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران لە 18ی حوزەیران، کاندیدە توندڕەوەکان سزاکانی ڕۆژاوایان بە بێکاریگەر ناو بردبوو. زەریف ئەم ڕوانگەیەیشی ڕەت کردەوە. ئەم دیپلۆماتکارە باڵایەی پێشوو، گرافەکانی نیشان دا و گوتی کە کاریگەرییە ئابوورییە ئەرێنییەکانی ڕێککەوتنی JCPOA - کە سزاکانی هەڵوەشاندبووەوە – و کاریگەرییە نەرێنییەکانی سزاکان، تێیدا دەبینرێت. زەریف هەروەها باسی لەوە کرد کە لە شەش مانگی یەکەمی سەرۆکایەتیی بایدن لە ساڵی ٢٠٢١ کە هاوکات بوو لەگەڵ مانگەکانی کۆتاییی سەرۆکایەتیی ڕۆحانی، دەرفەتێک بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی (JCPOA) هەبوو.

- زەریف ڕای گەیاند کە لەگەڵ ئەوەیشدا، تیرۆرکردنی زانای باڵای ئەتۆمی، موحسین فەخریزادە لەلایەن ئیسرائیلەوە، هەروەها یاساکانی ئێران بۆ توندترکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکان، ڕێگریی لە

هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکە کرد. وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران ئەو ماوەیەی بە "شەش مانگی تاڵ" ناو بردووە.

- دوای ماوەیەکی کەم، نووسینگەی سەرۆک ڕۆحانی وێنەیەکی لە <u>تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر/X</u> بڵاو کردووە کە قسەی بەرپرسانی ئەمریکای تێدا بوو کە دەیانگوت سیاسەتی "ئەوپەڕی گوشار"ی دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا لەسەر ئێران شکستی هێناوە.




ڕۆژنامەنووسی ڕیفۆرمخواز، محەمەد حەسەن نەجمی، هەمان ڕۆژ لە <u>تویتەر/X</u> پشتگیریی لە لێدوانەکانی زەریف سەبارەت بەو "شەش مانگی تاڵ"ە ئاماژەپێکراوە کرد. نەجمی بەشێک لە <u>چاوپێکەوتنێکی</u> بڵاو کردووە کە لە ڕێکەوتی (٢٨-٥-٢٠٢٤) بڵاو کرایەوە، کە تێیدا مەحموود واعزی، بەرپرسی پێشووی نووسینگەی ڕۆحانی ڕای گەیاندبوو کە دەزگەی باڵای ئەمنیی وڵات، دژایەتیی ڕێککەوتنی ئەتۆمی (JCPOA) دەکات. واعزی لەم چاوپێکەوتنەدا ئاماژەی بەوە کرد کە عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەوکاتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، میدیاکانی نزیکی خۆی بەکار هێناوە بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و ڕێگریکردن لە زیندووکردنەوەی.

هەروەها مەسعوود پزیشکیان لە <u>وتارەکەی</u> خۆیدا پشتگیریی لە دانوستانەکان کرد بۆ لابردنی سزاکانی ڕۆژاوا، "بۆ ئەوەی خەڵک بەئاسوودەیی زیاتر" بژین. ئەم کاندیدە ڕیفۆرمخوازە گوتی کە هیچ شەرمێک نییە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژاوا لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە، بەڵکوو ڕێگەیەکی کردەیی و کاریگەرە بۆ بنیاتنانی کەرامەت. هەروەها پزیشکیان وتی: لە کاتێکدا بەدڵنیاییەوە "مانەوەی" ئێران لەژێر گەمارۆکانیش هەر گەرەنتیکراوە، بەڵام ئەو پێشکەوتنانەی کە لە پلانەکانی گەشەپێدانی نیشتمانیدا دانراون، بەدی نایەت.

لە بۆنەیەکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگای ئیسفەهان لە ١٩ی حوزەیران، پزیشکیان هەوڵی دا بە قازانجی خۆی کەڵک لە جەماوەریبوون و خۆشەویستیی زەریف وەربگرێت. ئەم کاندیدەی سەرۆکایەتییە <u>لەو بۆنەیەدا</u> هانی خەڵکی دا کە "دەنگ بدەن بۆ ئەوەی ڕوانگەی زەریف و زەریفەکان زاڵ بێت" (وەکوو

ئاماژەیەک بە میانڕەوەی و ڕیفۆرمخوازی و بەتایبەتی سیاسەتی زەریف-ڕۆحانی لە دانوستانەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠١٥ و لابردنی سزا و ئابڵووقەکان).

لە بەرامبەردا، کاندیدەکانی توندڕەو و نەریتخواز بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران ڕەخنەیان لە زەریف گرت بەهۆی لێدوانەکانی لە بەرژەوەندیی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥ ناسراو بە JCPOA.

محەممەد باقر قالیباف، کاندیدی بناژۆخوازەکان و سەرۆکی پەرلەمان لە ١٨ی حوزەیران ڕەخنەی لە وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران گرت، چونکە زەریف لە قسەکانیدا یاسای ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی ئێرانی بۆ فراوانکردنی بەرنامەی ئەتۆمی بە فاکتەری ڕێگر یاخود هۆکاری زیندوونەبوونەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی (JCPOA) لە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆککۆماری ئەمریکا (بایدن) زانیوە.

- قالیباف لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا ئاماژەی بە بەیاننامەی ئایەتوڵڵا خامنەیی، ڕێبەری ئێران کرد کە لە ساڵی ٢٠٢٣دا بڵاو کرایەوە و تێیدا هاتبوو کە یاسای هەنگاوی ستراتیژی (قانون اقدام راهبردی) وڵاتی "ڕزگار" کرد. پاشان قالیباف پابەندبوونی زەریفی بەو سیاسەتانەی کە خامنەیی دای نابوو، خستە ژێر پرسیارەوە.
- عەلیڕەزا زاکانی، کاندیدی توندڕەو و سەرۆکی شارەوانیی تارانیش هێرشی کردە سەر زەریف و، لێدوانەکانی بە "زوڵمێکی گەورە" لە دژی ئیبراهیم ڕەئیسی ناو برد. زاکانی ئیدیعای ئەوەی کرد کە حکوومەتەکەی ڕۆحانی "ئابووریی وێران کرد" و بەڵێنی دا لە دیبەیتی داهاتوودا بەوردی وەڵامی زەریف بداتەوە.
- جەلیلی کە یەکێکی دیکەیە لە کاندیدە توندڕەوەکان بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران، ئیدیعای زەریفی ڕەت کردەوە کە چاوپۆشی یاخود جێبەجێنەکردنی سزاکانی سەر ئێران لەلایەن بایدنەوە، بووەتە هۆی زیادبوونی فرۆشتنی نەوتی ئێران. جەلیلی لە وتارێکی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لە ١٨ی حوزەیران ئەو پرسیارەی وروووژاند کە ئەگەر بایدن ئامادە بوو ڕێگە بە فرۆشتنی نەوتی ئێران بدات، بۆچی حکوومەتەکەی ڕۆحانی نەوتی زیاتری نەفرۆشت؟

بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٤




هەروەها لێدوانەکانی

زەریف لە ١٨ی حوزەیران، بووە مانشێتی سەرەکیی میدیاکانی ئێران.

- ڕۆژنامەی "کیهان"ی سەر بە بناژۆخوازەکان ئیدیعای کرد کە ئامانجی "گەردەلوولی درۆ"ی زەریف، پێکهێنانی حکوومەتێکی تری ڕۆحانییە.
- هەروەها ڕۆژنامەی "همشهری" کە لەلایەن شارەوانیی تارانەوە بەڕێوە دەبردرێت، لە وتارە ١٠ خولەکییەکەی زەریفدا "٥٠ هەڵە"ی ناوبراوی خستە ڕوو.
- لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی "سازندگی"ی سەر بە ڕیفۆرمخوازەکان، ئاماژەی بە لێدانی زەبری گورچکبڕ یاخود "برینی قووڵ"ی زەریف لە بەرەی بناژۆخوازەکان کرد و لایەنگرانی ڕیفۆرمخوازەکانیش دڵخۆشیی خۆیان دەربڕی کە "زەریف بەرگریی لە میانڕەوەکان و ڕێککەوتنی ئەتۆمی کردووە."

هاوکات مەهدی کەڕووبی، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەوز کە لەژێر چاودێری و لە "دەستبەسەریی ماڵەوە"دایە، دوایین ڕیفۆرمخواز بوو کە پشتیوانیی لە پزیشکیان کرد.

- کەڕووبی لە پەیامێکدا کە کوڕەکەی بڵاوی کردۆتەوە، دەنگدان بە "پزیشکیان"ی بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێک، لەوانە "تێپەڕاندنی گەمارۆکان" و "بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی"، بە "پێویست" زانیوە.
- کەڕووبی لە ئاماژەیەکدا بۆ سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی ڕای گەیاندووە کە "مافیایەکی سیاسی و ئابووری دەیەوێت بە دەستبەسەرداگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری ئیسلامی بکاتە حکوومەتێکی نیزامی کە بەرژەوەندییە داراییەکان و بەرژەوەندییە سیاسییەکان ئاوێتەی یەکتری بکات."
- کەڕووبی هەروەها ڕەخنەی لە بوونی سوپا (سەربازەکان) لە سیاسەتدا گرت و وتی: هەبوونی "ژیانێکی ئاسایی" لە ئێران بەهۆی دەستێوەردانی حکوومەت لە پرسەکانی وەک مافی هاووڵاتیان بۆ بڕیاردان لە شێوازی ژیانی خۆیان، سنووردار کراوە.

**بەستێن/ شرۆڤە:** یەکەم دیبەیتی ڕاستەوخۆ پێش هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆکایەتیی 28ی حوزەیران، لە 17ی حوزەیران بەڕێوە چوو و تیشکی خستە سەر چارەسەرەکان بۆ گرفتە ئابوورییەکانی ئێران.

- کاریگەریی گەمارۆکان لەسەر کەرتی نەوت، بانکی و بازرگانیی ئێران، جێی سەرنجی گفتوگۆکە بوو.
- پزیشکیان و مستەفا پوورمحەمەدی، کاندیدی پارێزگارەکان، تاکە کاندید بوون کە شیکارییەکی قووڵیان بۆ تێچووی ئابووریی سزاکان ئەنجام دا. هەرچەندە قالیبافیش باسی ئەم بابەتەی کرد.

پزیشکیان و پوورمحەمەدی لەلایەن هەندێک کاندیدی دیکەوە ڕەخنەیان لێ گیرا. بۆ نموونە:

- زاکانی هەردوو کاندیدەکەی (پزیشکیان و مستەفا پوورمحەمەدی)ی بەوە تۆمەتبار کرد کە وەڵامی ناڕوون دەدەنەوە، هەروەها پزیشکیانی بەوە تۆمەتبار کرد کە لەگەڵ حەسەن ڕۆحانی، سەرۆککۆماری پێشوودا هاوتەریب و هاوئاراستەیە. هەرچەندە کاندیدەکەی ڕیفورمخوازەکان (پزیشکیان) ئەم تۆمەتەی ڕەت کردەوە.

- ئەمیرحوسێن قازی زادە هاشمی، جەختی لە بەردەوامیی سیاسەتەکانی سەرۆکایەتیی سەردەمی ڕەئیسی وەک ستراتیژیی سەرەکیی خۆی کردەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە دژایەتیی لەگەڵ پابەندبوون بەو سیاسەتانە کرد کە ئەکتەرەکانی وەک بانکی نێودەوڵەتی دایان ناوە.
- بە هەمان شێوە سەعید جەلیلی، ئەو شتەی کە ناوی لێ نابوو "پشتبەستنی ڕۆحانی بە ڕۆژاوا"، لە دروستبوونی کێشە ئابوورییەکانی ئێراندا بە هۆکاری گرفتەکانی ئێستا زانی.


جێگەی ئاماژەیە، ئابووریی ئێران کە ساڵانێکە بەدەست خراپ بەڕێوەبردن و گەندەڵییەوە دەناڵێنێت، لەگەڵ سزاکانیشدا خەریکی ململانێیە.

- کۆتوبەندکردنی دەرەکی وای کردووە سیاسەتی دەرەوە ببێتە پرسێکی گرنگ بۆ ئێرانییەکان و ڕەنگە زۆرێک لەوانە هێشتا زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی (JCPOA) وەک ئاسانترین ڕێگە بۆ هەڵگرتنی سزاکان بزانن.
- جێی باسە لە ساڵی ٢٠١٨ی زایینی ڕێککەوتنی ئەتۆمی (JCPOA) کاتێک ترامپ، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، لەم ڕێککەوتنە کشایەوە و هەموو سزاکانی سەر ئێرانی گەڕاندەوە، دەستی بە دارِمان کرد. دوای ساڵێک تاران وەڵامی دایەوە و وردە وردە پابەندبوونەکانی بە ڕێککەوتنەکە کەم کردەوە.

**ئاسۆی داهاتوو:** زەریف لەو کاتەوەی لە ساڵی ٢٠٢١دا وەزارەتی دەرەوەی جێ هێشتووە و لە زانکۆی تاران دەستی بە وانەوتنەوە کردووە، تا ڕاددەیەکی زۆر لە پەراوێزدا بووە.

- گەڕانەوەی بوێرانەی وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانیی گشتی لە تاکە کاندیدی ڕیفۆرمخواز، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنی 28ی حوزەیران، ڕەنگە دوا دەرفەت بێت بۆ پرۆژەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران.
- خەڵکی ئێران لە بەڵێنی ڕیفۆرمخوازەکان نائومێد بوونە و، ماوەتەوە بزانین ئایا زەریف دەتوانێت یارمەتیی پزیشکیان بدات و سەرنجی دەنگدەر بۆ پاڵپشتی لە ئامانجەکانی خۆی ڕابکێشێت یان نا.
- کەمیی ڕێژەی بەشداریکردن لەوانەیە گەرەنتیی سەرکەوتنی سەرۆککۆمارێکی پارێزگار بکات. بەڵام بەشداریکردنی بەرزی هاووڵاتیان، هەرچەندە لە ئێستادا بەدوور دەزانرێت، بەڵام دەتوانێت لە قازانجی پزیشکیان بێت. هەروەها پێ دەچێت دابەشبوونی پێشبینیکراوی دەنگدانی بناژۆخوازەکان یارمەتیی کاندیدی ڕیفورمخوازەکان بدات.

ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئێران




**سەرچاوە:**

https://amwaj.media